

## سیمکارت بەیەکجاری نامێنێت

سیمکارتی موبایل ئەو تەنکۆڵە بچووکەی کە تۆڕەکانی خزمەتگوزاری موبایل بۆ خزمەتگوزاری پەیوەندییەکان بەکار دەهێنرێت، هەر رۆژە هات بچوکتر بووە.. ئێستا بڕیار درا هەر بۆیەکجاری نەمێنێت و خزمەتگوزاری جێگرەوەی سیمکارت بەردەست دەبێتە واتە (eSIM). ئەم خزمەتگوزارییە لەلایەن تورەکانی مۆبایلەوە نادرێت، بەڵکو لە خودی کۆمپانیای مۆبایل لە موبایل دەخرێت و دواتر کۆمپانیاکانی پەیوەندی مۆبایل بە شێوەی پرۆگرام خزمەتگوزاری سیمکارت بڵاودەکەنەوە...

هەتا ئێستا ئەو کۆمپانیا بەرهەمهێنانی مۆبایل کە خزمەتگوزاری eSIMیان خستۆتە ناو مۆبایل بریتین لە سامسۆنگ و ئەریکسۆن و هواوی و لە داهاتووشدا گشت کۆمپانیایەك..

خزمەتگوزاری ناوبراو لە بواری ئەمنییەت و سیکورتییەوە گرنگی تایبەتی هەیە سەرەڕای ئەوەش وا لە کۆمپانیاکان دەکات کە مۆبایلەکانیان دژە ئاو بکەن، چونکە بەشێکی زۆری تەڕبوونی مۆبایل پەیوەندی هەبوو بە شوێنی دانانی سیمکارت..

جگە لە مۆبایل دەکرێت لەسەر کاتژمێرە هۆشمەندەکان، ئامێرەکانی دیکەش ئەمجۆرە سیمکارتە دابندرێت. هەندێك کاتژمێر و تەبلێت هەر لە ئێستاوە ئەو خزمەتگوزارییانەیان تێدایە..

## ئاسۆس و نوێترین و گرانبایترین لاپتۆپ

لاپتۆپە نوێیەکەی ASUS دەکرێ لە ریزی باشترین ئامێرە تەکنەلۆجییەکان کە لەلایەن کۆمپانیا ناوبراو بەرهەم هاتوون سەیر بکرێ. لاپتۆپی جۆری ASUS ROG GX800 کە تایبەتە بە کاری گرافیك و نەخشەسازی و یاری ئەلکترۆنی زۆر قورس و وەك شاکارێك دادەنرێ.

شاشەی لاپتۆپەکە ١٨,٤ ئینجە. بە کوالیتی نیشاندانی 3840×2160 پیکسل. تەکنەلۆژیای نوێی IPS لە شاشەکەدا بەکارهاتووە.

یەکەی لێکدەرەوەی نەوەی حەوتەمەی ئەنتەل واتە Intel Core i7-7820HK بۆ داندراوە. رامی لاپتۆپەکە ٦٤ گیگابایتە. دوو کارتی گرافیکی زۆر بەهێزی بۆ داندراوە. بەشی داکردن و هەڵگرتنی داتاکان واتە هارد سێ هاردی سەربەخۆ بە سێ سیستەمی جیاوازی بۆ داندراوە هەرکام لە هاردەکان ٥١٢ گیگابایتن. کێشی لاپتۆپەکە بەقەد کۆمپیوتەرێکی دیسکتۆپ دەبێت واتە نزیکەی شەش کیلۆ.. (٥,٧). کیلۆگرام. سیستەمی فێنککەرەوەی لە جۆری شلی واتە (مایع) بۆ داندراوە. خێرایی لاپتۆپەکە دەگاتە ٤,٤ گیگا. کە لە زۆربەی کۆمپیوتەرە دیسکتۆپەکان بەهێزترە.

بەڵام رەنگە پێتان سەیر نەبێ گەر بتەوێ لاپتۆپێکی وا بکڕی دەبێ بە زمانی بازاڕی دەفتەرێك دۆلارت لە گیرفاندابێ نرخەکەی ٩٥٠٠ دۆلارە..








# نۆکیا لە مۆبایلەوە بەرەو کاتژمێری سمارت

کۆمپانیای نۆکیا سەردەمێك لەریزی پێشەوەی کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل بوو، بەڵام بەهۆی سیاسەتی هەڵەی کۆمپانیا ئیدی ماوەیەك بەرەو مایەپووچ بوون رۆیشت و ئێستا بەرەبەرە هەڵدەستێتەوە، ئەمجارە جگە لە بەرهەمهێنانی مۆبایل ئامێری دیکەش بەرهەم دێنێ..

نوێترین بەرهەمی دیجیتالی نۆکیا، مەچەکبەندێکی هۆشمەندە کە بە nokia go ناسراوە. ئەم بازووبەندە دیجیتالیە وەك هەموو بازووبەندێکی دیکە تایبەتە بە چالاکی رۆژانەی بەکارهێنەر، وەك رێژەی کالۆری سووتاندن، چاودێری سیستەمی خەو، چالاکی وەرزشی رۆژانە..تاد.

دەکرێت نە تەنیا وەك بازن لەدەست بکرێ، بەڵکو بەجل و بەرگ هەڵبواسرێ یان بکرێتە مەدالیای کلیلەکان..

لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت. زانیاری سەر دەستبەندەکە لە رێگای بلوتوسەوە وەردەگیردرێ و زانیارییەکە لەسەر شاشەی مۆبایلەکەتان نیشان دەدرێ. بۆخۆشی شاشەیەکی بچووکی هەیە دەکرێت چالاکی رۆژانە، وەك پیاسەکردن، راکردن، مەلەکردن، چاودێری خەو ببینی. گشت زانیارییەکان لە رێگای ئەپێکی مۆبایلەوە دەتوانی سەیری بکەی و رەوتی پێشکەوتنت لە چالاکی وەرزشیدا بزانی، ئاپەکە زانیارییەکان بەشێوەی چارتێر لەسەر شاشە نیشان دەدات. مەچەکبەندەکە باترییەکی تێدایە هەتا ٨ مانگ شەحنی دانابەزێت. تایبەتمەندی دژە تەڕبوونی هەیە و دەتوانی لەکاتی حەمام و مەلەوانیدا سوودی لێوەربگری.



# سەگە هۆشمەندەکە جارێکی دیکە گەڕایەوە

سەردەم سەردەمی رۆبۆتەکانە، شێوازی ستایل و دیزاینی رۆبۆتەکان جیاوازن، هەندێکیان لە شێوەی مرۆڤ دەچن هەندێك لە شێوەی گیانداری دیکە. بۆ نموونە رۆبۆتی Aibo سۆنی وەك سەگێك دەچێت. ئەرکی سەگانەش ئەنجام دەدات وەك چاودێری و پاراستنی شوێنی دیاریکراو..

هەرچەندە مێژووی دروستکردنی رۆبۆتی Aibo ساڵی ٩٩ بەرهەم هات بەڵام ساڵی ٢٠٠٦ راگیرا. بەڵام ئەمساڵ بە شێواز و ستایلێکی دیکە گەڕایەوە...تایبەتمەندییەکانی وەك تەکنەلۆژیای ئەنتەرنێتی کەلوپەل، هۆشی دەستکردی بۆ زیاد کراوە.

سەگە هۆشمەندەکە وەك سەگی ئاسایی بە دەنگ فەرمانەکان جێبەجێ دەکات، وەك کۆنترۆڵ کردنی تەلەڤزیۆن و گلۆپ و ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوە. بەشێکی دیکەی کاری رۆبۆتەکە چاودێری و کۆنترۆڵ کردن و ناسینەوەی ئەندامانی ماڵەوە و ئاگادارکردنەوە لە هاتنی کەسانی بێگانە.. ئەم رۆبۆتە پێکهاتووە لە ١٨ دینەمۆ و چەندین هەستەوەری دیکە..





# ئامازۆن کتێبخوێنێکی نوێ بەرهەم دێنێت

کتێبخوێنی دیجیتالی یان کتێبخانەی دیجیتالی، بە واتایەکی دیکە ئەو ئامێرەی کە لە شێوەی تەبلێت دەچێت بەڵام تەنیا تایبەتە بە کتێب خوێندنەوە، رەوتی خوێندنەوەی گۆڕی. چونکە بە هەزاران کتێب لە کتێبخوێنێکدا جێگای دەبێتەوە و هەڵگرتنی ئاسانە و تایبەتمەندییەکانی زۆرن و شوێنێکی ئەوتۆ ناگرن..

کۆمپانیای ئامازۆن لەم ماوەیەدا کیندڵێکی کتێب خوێندنەوەی بەناوی Oasis بەرهەم هێناوە جگە لەو تایبەتمەندییانەی لە کتێبخوێنێکی ئاساییدا هەن، ئەوەیە کە دژە تەڕ بوونە و بە ئاو تێکناچێت.

کتێبخوێنی ناوبراو، شاشەکەی ٧ ئینجە و پشتەوەی لە ئەلەمۆنیوم دروستکراوە. باترییەکی بەهێزی هەیە. شاشەکەی کوالیتی نیشاندانی بەرزە. گلۆپی رووناکی تێدایە بۆ شوێنە تاریکەکان.

خاڵی جێگای سەرنجی ئەوەیە دەتوانرێ لە قوڵایی ئاودا کاری پێبکەی و ئەگەر بتوانی لەوێدا بخوێنیەوە. جگە لەوەش دەکرێت کتێبە دەنگییەکانیش بخوێنێتەوە، لەگەڵ مۆبایل پەیوەند دەژرێ و دەتوانرێت لە مۆبایلەکەت گوێ لە خوێندنەوەی کتێبەکان بگری..



# پرۆگرامێکی سادە بۆ دەستکاری و مونتاژ

پرۆگرام گەلێکی باش و پیشەیی هەن بۆ دەستکاری کردنی فیلم و مونتاژ کردنیان، بەڵام پرۆگرامەکان هەم شوێنێکی زۆر لەکۆمپیوتەر دەگرن، هەم پێویستیان بەشارەزاییەکی زۆر هەیە، یەکێك لە پرۆگرامە بچووك و سادەکان پرۆگرامی Movavi Video Editorە، بەهۆی ئەم پرۆگرامەوە بە سێ قۆناغ دەتوانرێ بە باشترین کوالیتی و جوانترین ئیفێکت کارەکان ئەنجام بدەی.. سێ قۆناغەکە بریتین لە import, Edit, export بەم سێ قۆناغە دەتوانری فایلە ڤیدیۆییەکان بەوەی کە مەبەستتە. پرۆگرامەکە توانای پشتیوانی کردنی لە گشت فۆرماتەکانی دەنگ و رەنگ و وێنە هەیە. تایبەتمەندییەکی دیکەی پرۆگرامەکە ئەوەیە دەکرێت بەهۆیەوە مینۆکانی DVD پێ دروست بکرێ. دروستکردنی سلایدە پیشەییەکان، سوود وەرگرتن لە باشترین کوالیتی خەزن کردن، کۆپی کردنی گشت جۆرە DVDیەك و زۆر لایەنی دیکەش..






## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، زۆربەی وێنەکانی سەر مۆبایلەکەم سڕانەوە.. دەکرێ پێم بڵێن چۆن دەگەڕێنەوە و چ پرۆگرامێك بەکار بێنم؟**

خوێنەری بەڕێز، گەڕانەوەی وێنە سڕاوەکانی سەر مۆبایل ئەوەندە دژوار نییە، پرۆگرامگەلی زۆر بۆ ئەم مەبەستە بەرهەم هاتوون، یەکێك لە پرۆگرامە سەرکەوتووکان کە ئاکامی باشی داوە بەدەستەوە، پرۆگرامی DiskDiggerە، ئەم پرۆگرامە بە ئاسانترین شێوە وێنەکان دەگەڕێنێتەوە، کاتێك پرۆگرامەکەت لەسەر مۆبایلەکە دابەزاند و فەرمانی سکانکردنی تێدایە، کاتێك سکانت کرد ماوەیەکی پێدەچێ دەستبەگەڕان و دۆزینەوە دەکات، دوای ئەوە نموونەی بچووکی وێنەکانت نیشان دەدا تۆ دەبێ دەستنیشانی بکەی کامە وێنەت بگەڕێتەوە، دوای هەڵبژاردنیان دوگمەیەك هەیە لە خوارەوە لێی دەدەی و وێنەکان دەگەڕێنەوە جێگای خۆیان..







# مۆبایلی Spinner یش کەوتە بازاڕ

ماوەیەکە ئامێرێکی یاری نوێی منداڵان هەموو جیهانی گرتۆتەوە، ئامێرێکە کە بە (سپینێر) ناسراوە. لە راستیدا هەمان خولخولەیە کە سەردەمی خۆی منداڵان سوودیان لێوەردەگرت..

ئامێرەکە لەسەرەتادا بۆ منداڵانی تووش بوو بە نەخۆشی ئۆپتیسم بەرهەمهات و دواتر وەك دەڵێن بۆ کەمکردنەوەی دڵەراوکێ و سترێسە..


لەم ماوەیەدا مۆبایلێك بەرهەم هاتووە کە بە مۆبایلی «فیجیت فۆن» ناسراوە کە جگە لەوەی مۆبایلە وەك (سپینێر)یش دەتوانی بیسوڕێنی..

ئەم مۆبایلە لەلایەن کۆمپانیای Chilli Internationalەوە بەرهەم هاتووە. جگە لە سوڕاندن و خولاندنەوە هیچ تایبەتمەندێکی بەهێزی تێدا نییە، میمۆرییەکەی ٨ گیگابایتە و شاشەکەی تەنیا ١,٤ گیگابایتە و شەش رەنگی هەیە. هیچ پرۆگرامێکی ئەوتۆشی تێدا نییە و نرخەکەشی تەنیا ٢٠ دۆلارە.



# رۆتێری گوگل گونجاو بۆ مەودای زۆر





رۆتێر ئەو ئامێرەیە کە ئەرکی گواستنەوە و هاوبەشکردنی تۆڕێکی ئینتەرنێتە، رۆتێر وەك سەرچاوەیەکی ئاو دەچێت کە ئاوەکە بەسەر چەندین شوێندا دابەش دەکات..

گوگل رۆتێرێکی نوێی بەرهەم هێناوە کە بە google wifi ناسراوە، لەم رۆتێرەدا هیچ پەیوەندییەکی وایەر نییە، تەنانەت کێبڵی کارەبا و وایەری «ئەتەرنێت» کەوتۆتە ژێر ئامێرەکە. زۆر بە ئاسانی لەگەڵ ئامێرەکان پەیوەندی دەدرێت تەنیا لە رێگای ئاپێکەوە. مەودای گواستنەوەی ئینتەرنێت لەم رۆتێرەدا ٢٦٠ مەتری چوارگۆشەیە..

# سایتێک بۆ بەراوردی مۆبایلەکان




زۆرجاران ئەوانەی کە مۆبایلیان پێیە لەسەر باشی و خراپی موبایلەکانیان دەکەونە موناقەشە و هەرکەسە هی خۆی بە باش دەزانێ و کورد گوتەنی کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترشە.. زۆرترین باسەکانیش لەسەر باشی کامێراکەیانە، بۆ نموونە دوو مۆبایل هەردووکیان خاوەنی کامێرای ١٢ میگاپیکسلن، بەڵام یەکێکیان وێنەکەی جوانترە.. بۆ ئەوەی کە بزانن کامێرای و کوالیتی مۆبایلەکانتان لە چ ئاستێکدایە و بەراورد بە مۆبایلەکانی دیکە چۆنە.. سەر لە سایتی https://www.gsmarena.com/ بدە، لەم سایتەدا دەتوانی بەراوردی گشت مۆبایلەکان بکەی، دەتوانی لەسەرەوە ناوی مۆبایلەکان بنووسی و پاشان دوگمەی بەراورد لێبدە، بە وردی زانیاری سەبارەت بە مۆبایلەکان و کامێراکەیان و بەشەکانی دیکەی مۆبایلەکە باس دەکات..